# چەکە کیمیاوییەکانی سوریا رەنگە بکەونە دەست حزبوڵلای لوبنانی

رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف
لەئینگلیزییەوە : شاکار عەبدول

دوابـــەدوای سـەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی ، سیناریۆکانی رۆخان لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تریان جیاوازی هەبوو، بۆ نموونە تونس‌و مسیر لەیەک دەچون، بەڵام لیبیا لەبەرئەوەی دیکتاریوێکی سەربازی بوو، هەموو رێگەیەکی سەربازی گرتەبەر و دوا رێگەشیان بەکرێگرتنی خەڵکی وڵاتانی دراوسێی لیبیا بەپارەیەکی خەیاڵی‌و دواجاریش هەر رووخـا، ئەم سیناریۆیەش لەسوریادا هەمان سیناریۆی دیکتاتۆری سەربازی دووبارە دەبێتەوەو لەقۆناغی بەکرێگرتنی شەبیحەکاندایە، لەبەرامبەر خستنەبەردەمی پارەیەکی زۆر خەڵکی بەبێ جیاوازی بەهەموو شێوەیەک رەشەکوژی‌و ئەتک دەکەن.

شەبیحە پێکهاتەیەکی رەگەز جیاوازن‌و بـەزۆریـش سـەرکـردەکـان‌و ئەندامانی عەلەوین، یەکێکیان دوای بەدیلگیرانی بەرۆژنامەی (سـەنـدەی تەلگراف)ی راگەیاندوە پاش ئـەوەی چوەتە ئەم هـێـزەوە وەک پیاوێکی بەکرێگیراو وبکوژی بەپارەی لێهاتووەو بەردەوام ئەم هێزە هەموو شتێکیان پێدەکەن، لەپێناو چاوترسانی خەڵکی‌و مانەوەی ئەسەددا "ئەوەشی وتوەکە لەبەرامبەر (450 دۆلار)دا خەڵکێکی زۆرمان کوشتوەو ژن‌و کچانیشمان ئەتک کـردوە، زۆرجاریش بەکوشتنی زۆر، (150 ) دۆلاری زیاتریان دەداینێ، ئەمەش وایکردوە شەبیحە بێتەهێزی بکوژی بەکرێگیراو"

ئەوەشی وتوە"ئەسەدمان خۆشدەوێت، چونکە دەستی واڵاکردوین بۆ کردن‌و بەدەستهێنانی هەر شتێک، ئیدی کوشتن ، زەوتکردن، دەستدرێژی سێکسی ...تاد

عەلەویەکانی شاری حمس بەرۆیتەرزیان راگەیاندوە "خەڵکی رقیان لێیانە بەهۆی



هاوکاریکردن و بەخشین لە پێناو پشتیوانیکردنی شەڕی شەبیحە کەلەتایفەی عەلەوی شیعی پێکهاتووە، بەشێوازێک د.فرید دەڵێت "دەبێت مانگانە (300) دۆلار بدەین وەک هاوکاریکردنی شەڕو پشتیوانی ئەسەد، ئەمەش بەزۆرەو ناتوانین مڵکەچی نەبین، لەبەرئەوەی دەترسم ژن و منداڵەکانم بفرێنن، چونکە ئەمە کاری سەرەکی ئەم هێزەو سەرچاوەیەکی بەهێزی داراییانە، لەم بارەیەوە رۆژنامەی (وۆرلد تریبیۆن"ی ئەمریکی لەمانشێتی سەرەکیدا نوسیوەیەتی "شەبیحە ژن و منداڵ دەرفێنن لەبەرامبەر بڕێک پارەو لەپێناو بەهێزکردن و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی رژێمی ئەسەد.

**شەبیحە هێزی رێکخراو و مەترسیدار**

ئەم هێزە لەلایەن مامی بەشارەوە (رەفعەت ئەسەد) وە لەساڵی (1980) وە دروستکراوە، ئامانج لێی ترسانی ئۆپۆزسیون و هەر هێزێکی دی کەبیەوێت لەسوریا جیابێتەوە، یان خەلکی گەر بیانەوێت راپەرین ئەنجام بدەن. وەک رەشەکوژیەکەی حەما ساڵانی (1981-1982) ئەم هێزە موچە لەرژێمی سوری وەردەگرن و بەپێی بنکەی سوری مافی مرۆڤ زیاتر لە(6) هەزار کەسن و زۆربەشیان لەناو سوپادا کاردەکەن و سوپا بەرێوەدەبەن.

شەبیحە هێزێکی رێکخراوی پیاوکوژن و بەزۆریش لەحمس، و ناوچەی زەهرایان دابەشکردووە بۆ شەش بەش و ئەم هێزە بەرێوەی دەبەن و هەموو پێداویستێکی شەڕیان بەتەکنۆلۆژیای نوێو پێدراوە.

ئەم هێزە سوپا بەتەواوی پشتگیریان دەکات و تەواوی سەلاحیاتیان پێدراوەو کار ئاسانیان بۆ دەکات.

ئیبراهیم فرزات ئەفسەری جیابووە لەسوپای سوریا دەڵێت " سوپا هاوکاری شەبیحەدەکات و بووەتە پاشکۆی شەبیحە و تائێستا بەهەزاران دۆلاریان وەک سەرانەو رفاندن لەخەلکی سوری وەردەگرن و دەیدەنە رژێمی سوریا.

**تاوانەکانی شەبیحە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتدا نەماون**

ئەو رەشەکوژیانەی کەلەسوریا بەچەندین شێوازی جیاواز ئەنجامدراون، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتدا نەمان، بەشێوازێک ئەمرۆ چەندین دەسەلات و رێکخراو هاوکاریان دەکەن، ئەمەش وایکردووە روخاندنی ئەسەد نزیکتر بێتەوە.

> دەبێت مانگانە (300) دۆلار بدەین وەک هاوکاریکردنی شەڕو پشتیوانی ئەسەد، ئەمەش بەزۆرەو ناتوانین ملکەچی نەبین، لەبەرئەوەی دەترسم ژن و منداڵەکانم بفرێنن، چونکە ئەمە کاری سەرەکی ئەم هێزەو سەرچاوەیەکی بەهێزی داراییانە،

ئەو قەسابخانانەی کەلە لە(حەولە، قەبیر، حمس، حەما، حەلەب، دیر زۆرو ئەدلەبو حەفە)وایکردوە ترس و توقین لەدلی خەلکی و سوپای سوریاش دروستبکات، بەتایبەتی سونەکانی سوریا، ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە کەسونەکانی ناو دیمەشق و حەلەب دەربکەن و ناوچەیەکی ئارام بۆ کەمینە عەلەویەکان دروستبکەن کەسەر بەئەسەدن، هەرئەمەش مەترسی دابەشکردنی سوریای هێنایە ئاراوە، وەک یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و روودانی شەڕی تایفی و رەگەزی و ئاینی، چونکە ئەو کوشتارانەی کەلەسوریا روودەدەن، پاکتاوی رەگەزیەو دەیانەوێت ناوچەکەیان پاکبکەنەوە وەک لەبۆ سنە روویدا.

چاودێران پێیانوایە ئەگەرچی بەشار دەسەلاتی بەسەر ئەم شەبیحانەدانیە، بەلام لەبەرامبەر ئەم رەشە کوژیەدا بێدەنگە، چونکە دەیەوێت لەرێگەی ئەم کوشتنەوە دەست بەسەر ولاتدا بگرێتەوە، جگەلەمەش ئەسەد ئامادەنییە نە ولات بەجێبهێلێت، نەپاشەکشەبکات، بۆیە شتێکی چاوەروانەکراوە ئەم کارانە بکات، چونکە ئەمە واتا کوتایی هێنان بەخۆی و دەسەلاتەکەی.

سوریا ئەگەرچی چووەتە قۆناغی کۆتاییەوە، بەلام ئەم بەشەی کۆتایی چەندین مانگ و دەشێ چەند ساڵێکی کەمیش بخایەنێت تاوەکو ئەم قۆناغە رووبدات، لەگەڵ ئەمەشدا کۆتاییەکی خوێناوی چاوەرێی ئەم بەشەدەکات وکوتاییەکەش بەرۆشتن، یان کوشتنی ئەسەد کۆتایی دێت، نەک دابەشکردنی سوریا.

**سوریاو چەکی کیمیاوی**

ئەگەرچی سوریا یەکێکە لەو ولاتانەی کەواژوی لەسەر رێکەوتننامەی نێو دەوڵەتی چەکی کیمیاوی بایلۆجی نەکردوە، لەگەلیشیدا هەرگیز ئاماژەی بەوەش نەکردوە کە ئەم چەکانەی هەبێت، بۆیە کۆگا چەکیەکانی سوریا جێگەی مەترسین، ئەم مەترسیەش لەوەوەیە کەلەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا یەکیەتی سۆڤیەت هاوکاری سوریا کردوە بۆ بەدەستهێنانی چەکی کیمیاوی لەبەرامبەر دروستکردنی هاوسەنگی لەگەڵ هێزی ئیسرائیل لەم ناوچەیەداو روسیاش نکۆلی لەم هاوکاریکردنە نەکردوە، بۆیە ئەسەد یەکێکە لەو سەرکردانەی کەخاوەنی چەکی کیمیاویە لەجیهاندا. تا ئێستاش شەبیحە چەند جارێک بۆ چەکی مام ناوەند کیمیاوی لەدژی سوپای ئازاد بەکارهێناوە.

**سیناریۆکان**

لەبارەی نەهێشتنی یان چارەنووسی ئەم چەکانە سێ سیناریۆ لەئارادایە:

یەکەم:ئەسەد چەکی ئەتۆمی لەدژی شۆرشگێران بەکاردێنێت.

دووەم: ئەگەر سوریا کۆنترۆلی لەدەستبدات ئەم چەکانە بداتە حزبوڵلای لوبنانی، چونکە ئەم حزبە موشەکی سکۆدی هەیە کەدەگاتە ئیسرائیل.

سێیەم:روودانی تەقینەوەیەکی گەورە لەسوریاو بلاوبوونەوەی بەشێکی زۆری ئەم چەکانە لەهەوادا.

بەگشتی سوریا پێنج کارگەی چەکی کیمیاوی هەیەو بیست ناوچەش هەن، کەتێیدا ئەم چەکانەی خەزنکردون، بۆیە تەقینەوەیان رووداوێکی مەترسیدار دروستدەکەن.

**سەرچاوەکان**

1-رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف (11/15/2012)
BBCArabic(16/11/2012)-2
3-رۆژنامەی (وۆرلد تریبیۆن) ی ئەمریکی (2012/10/8)